





# پێشبڕکێ بۆ پێڵاوی پاژنە بەرز (كعب العالي)!

جۆرە پێشبڕکێیەکی تازە هاتە کایەوە، نە لە بواری وەرزشدا و نە لە هیچ بوارێکی دیکەدا جێگەی نابێتەوە، پێشبڕکێیەکی سەیر تایبەت بە ئافرەتان، ئەمەش بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات لە کاتی تەنگانە. مەبەست لەم پێشبڕکێیە ئەوەیە کاتێك ئافرەت پێڵاوی پاژنە بەرز (كعب العالي) لە پێدا بێت بتوانێت هەڵبێت. ئەمەش لە شاری بترسبۆرگ لە وڵاتی ڕووسیا پێشبڕکێیەکی تایبەت بۆ کۆمەڵە ئافرەتێك ئەنجامدرا کە ژمارەیان (١٠٠) ئافرەت بوو، بۆ هەر ئافرەتێك دەبوایە پێڵاوێکی پاژنە بەرزی زیاتر لە (٩) سەنتیمەتر بێت و بەم پێڵاوەوە بتوانێت پێشبڕکێ بکات لەگەڵ ئافرەتەکانی دیکە، خەڵاتی ئەم پێبڕکێیەش بریتی بوو لە (٢٠٠٠) دۆلار، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ ڕاهێنانی ئافرەت لەسەر خێرا ڕۆیشتن بە پێڵاوی پاژنە بەرزەوە..

هەروەها پێشبڕکێکە لە نێو شەقامێکی گشتی لەم شارە ئەنجامدرا، بووە هۆی جێگەی خۆشی و پێکەنینی ئامادەبووانی پێشبڕکێیەکە چونکە زۆربەی ئافرەتان دەکەوتن، بە شێوەیەکی سەیر تەنیا ئافرەتێك نەبێت توانی نەکەوێت و ببێتە پاڵەوانی پێشبڕکێکە، وەك لە وێنەکاندا دیارە کە چۆن بەربوونەتەوە!



# گەورەترین موکێت لە جیهان



نزیکەی (١٢٠٠) کرێکاری دروست کردنی موکێت و بەرماڵ بەشدار بوون لە دروست کردنی گەورەترین موکێتی جیهانی بۆ مزگەوتێك لە شاری ئەبوزەبی لە وڵاتی ئیمارات، ئەم موکێتە تەنیا بۆ ئەو مزگەوتە دروست کراوە کە گەورەترین مزگەوتە لە ئیمارات، کە سەرتاپای مزگەوتەکە دادەپۆشێت..

لەلایەن وڵاتی ئیماراتەوە داوا کراوە لە وڵاتی ئێران، موکێتەکە بەم شێوەیە دروست کراوە، بری (٣٠) تەن ماددەی خوری تێدا بەکارهێنراوە، لەگەڵ (١٥) تەن پەمۆ، هەروەها (٥٠) پسپۆڕی بواری دروست کردنی بەرماڵ کاریان تێدا کردووە بۆ تەواو کردنی ئەم موکێتە.. ڕووبەرەکەی دەگاتە (٥٧٠٠) مەتر دووجا، ماوەی تەواوکردنی موکێتەکە گەیشتە (١٢) مانگ واتە ساڵێکی تەواو، موکێتەکە لە (٤) پارچەی جیاواز پێکدێت و بە هۆی ( دوو فرۆکە) گواسترایەوە بۆ وڵاتی ئیمارات بۆ ئەوەی لەناو مزگەوتەکە ڕابخرێت. موکێتەکە ڕەنگی سەوزە و نەخشی گوڵی بازنەیی تێدایە و نزیکەی (٢٥) ڕەنگی جیاوازی تێدا بەکارهێنراوە، ئەمەو گرێکانی موکێتەکە بریتی بوو لە (٢،٥) دوو ملیارو نیو گرێ.. کێشی تەواوی موکێتەکە دەگاتە (٤٥) تەن، لە چاکترین ماددە دروستکراوە، بەڵام توانرا هەواڵی ئەم موکێتە بگەیەندرێتە کتێبی گینیس و ببێتە گەورەترین موکێت لە جیهان، جگە لەوانەش ئەم کۆمپانیایەی ئەم موکێتەی دروست کردووە، زەمانەتی (١٠) ساڵی داوە بۆ ئەم موکێتە کە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەیەت!

# ئەم کچە ناتوانێت دەمی دابخات!



کەس ناتوانێت دەمی دانەخات، بەڵام ئەمە وێنەی ئەم کچەیە کە ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك دەمی دابخات. داواکاری ئەم کچە ئەوە بوو کە بچێتە بنکەیەکی تەندروستی و ئەم گرفتە گەورەیەی بۆ چارەسەر بکەن بەهەر چۆنێك بێت، ئەم کچە ناوی (بەها)یە و بە هۆی کێشەیەکی خێزانی کە بە کوڕێك ڕازی نەبووە شووی پێبکات، بۆیە کوڕەکە ئەم کچەی سووتاندووە لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا، بۆ ڕێژەی سووتانەکەی تەنیا شێوەی پێشەوەی جەستەی گرتۆتەوە بەتایبەت (سینگ و دەم و چاو)، بەڵام کچەکە نەمردووە و ئەنجامی سووتانەکەی تووشی ئەم گرفتە بووە.. کە ناتوانێت دەمی دابخات بە هۆی ئەوەی لەکاتی سووتانەکە گۆشتی گەردنی لەگەڵ پێستی سینگی تێکەڵ بووە بۆیە ناتوانێت دەمی دابخات، تەنیا دەتوانێت ددانەکانی بجووڵێنێت و نانی پێ بخوات.

تەمەنی (٢٧) ساڵە و نزیکەی (٢)ساڵە بەم حاڵەتە دەژی، وەکو لە وێنەکەیدا دیارە کە پێستی ملی لەگەڵ سینگ و شانی تێکەڵ بووە و زۆر بە زەحمەت دەتوانێت سەری هەڵبڕێت..

بڕیارە نەشتەرگەرییەکی تایبەتی بۆ بکرێت و لەم گرفتە ڕزگاری بکەن، کە ژیانی ئەم کچەی تاڵ کردووە و کوڕەکەش ئێستاش لە زیندانە بە هۆی ئەم کارەی ئەنجامی داوە بەرامبەر ئەم کچە کە تەنیا لەسەر ئەوەی ڕازی نەبووە شووی پێبکات..

# درێژترین نامە لە جیهان (٥٠٠) مەترە

کوڕە گەنجێك لە وڵاتی ئێران، توانی نامەیەکی سەیر بنووسێت و ببێتە سەیرترین و درێژترین نامەی کاغەز لە جیهاندا، نامەکەش لەلایەن گەنجێکەوە نووسراوە بۆ هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆی، درێژی نامەکە دەگاتە (٥٠٠) مەتر بەبێ پچڕان واتە لە یەك پارچە کاغەزدا..

ماوەی نووسینی نامەکە لەلایەن ئەم گەنجە گەیشتە (دووساڵ و دوو مانگ)، کە بە بەردەوامی لەسەر نووسینی بەردەوام بووە، نزیکەی (١٥٠) قەڵەمی بەکارهێناوە بۆ نووسینی نامەکە، ناوەڕۆکی نامەکە بریتییە لە (وتەی وەفاداری و دەربڕینی هەست و سۆز بۆ هاوڕێ خۆشەویستەکەی، هەروەها باسی



ژیانی ئێستای خۆی و جیهان دەکات).

بەم شێوەیە ئەم نامەیە بە گەورەترین نامە دادەنرێت لە مێژووی نامە نووسین، خاوەنی نامەکە ناوی (ڕەزا دەهقانی)یە و دەڵێت: زۆر بەم نامەیە ماندوو بوومە و زۆر جار وابووە لەسەر نامەکە خەوتوومە، ئەمەش وەفادارییەکە بۆ ئەم هاوڕێیەم، هەروەها هیوام ئەوەیە بچێتە ناو کتێبی گینیس بۆ ئەوەی بتوانم نازناوێکی گەورە تۆمار بکەم لە نووسینی نامە..

ماوەیەك لەمەوبەر جۆرە نامەیەکی لەم جۆرە نووسراوە لەلایەن کچێکی ئیتاڵی بۆ یاریزانی بەرازیلی (کاکا)، کە درێژی نامەی ئەم کچە تەنیا (١٢) مەتر بوو.

# گرانبەهاترین و سەیرترین تەڵاق!



(جیمس کامیرۆنی) دەرهێنەری فیلمی تایتانیك، کاتێك دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئەکتەری جوان (لیندا هامیلتۆن)، پاشان دەبن بە هاوسەری یەکتر. دوای (١٧) مانگ لە ژیانی هاوسەری (کاکە جیمس) دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئافرەتێکی دیکە بە ناوی (سووزی ئەمیس)، بۆیە داوای جیابوونەوە لە لیندا دەکات، کە پاش ئەوەی دەبن بە خاوەنی کچێك..

بەڵام لیندا بەرامبەر بە جیابوونەوەی داوای (٥٠) ملیۆن دۆلار دەکات، بۆیە ناچار جیمس کامیرۆن ئەم بڕە پارەیە بدات بە لیندا بۆ ئەوەی ڕازی ببێت بە جیابوونەوەکە..